# " بشفرێ هەر بزنــــــــــــە

فەخرەدین گەرمیانی

" 2005-06-10

دەگێڕنەوە کە کاربەدەستێکی زۆردار هەبووە ، ئیتر پاشا بووبێت یان ئاغا یاخود کاربەدەستێکی بە دەسەڵات ئەمەیان زۆر گرنگ نییە ، ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند کەسێکدا لە کۆشکەکەیدا دادەنێشێت و بەدەم قسەو باسەوە لە دوورەوە شتێکی ڕەش دەرئەکەوێ ، ئەویش لە کەسەکانی دەوروبەری خۆی دەپرسێت و دەڵێت ، کێ ئەزانێ ئەو شتە ڕەشە کە لەو دوورەوە دیارە .. ئایا چییە ؟ یەکێک لەوانەی لەوێ دانیشتوون دەڵێت گەورەم ئەوە (بزنە) و ئاشکرایە کە ڕەنگیشی ڕەشە ، ئاغاش دەڵێت نەخێر من دەڵێم ئەوە قەلەڕەشە ، کابراش دەڵێت نەخێر گەورەم ئەوە قەلەڕەش نییە بەڵکو بزنە ، ئیتر دەبێتە دەمەقاڵەو بێنەو بەردەیان ، ئاغا لە کەللە ڕەقیی و سەرپلی کابرا زۆر تووڕە ئەبێت و بانگ دەکاتە یەکێک لە پیاوەکانی خۆیی و هاوار ئەکات ، ئادەی کورە ئەو تفەنگەم بۆ بێنە ، ئەوجا ئاغاش فیشەکێک دەنێتە قەلەڕەشەکەوە و قەلەکەش هەڵدەفرێت بە ئاسمانا ، ئاغا ئەڵێت ها خۆ بینیت چۆن هەڵفڕی ، ئیستا زانیت کە ئەوە قەلەڕەشە نەک بزن ؟ کابراش لە وەڵامدا دەڵێت ( بشفرێ هەر بزنە)…. ئەو بەسەرهاتەم بۆیە گێڕایەوە چونکە پێوەندیی بەسەرکردەکانی گەلی کوردەوە هەیە ، ساڵی **1993** هەر پاش گۆڕ بەگۆڕ بوونی کەمتیارەکەی (عۆجە) وتارێکم بە ناونیشانی ( برا سەگ براتم بێمە ژوورەوە تاکو بمکوژی) لە زۆربەی سایتە کوردییەکان بڵاو کردەوە لەسەر برایەتیی کوردو عەرەب (کەهەرگیز برا نەبوون و ناشبن) لەگەڵ هەزاران نووسەری دیکە کە ئیتر ئەم دڵدارییەی سەرکردەکانمان لە گەڵ عەرەب کۆتایی پێ بێت. بەڵام بە داخەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکردەکانمان زیاتر دەچنە پێشەوە لە برا عەرەبەکانییان و ئەوانیش مەردانە زیاتر دوور دەکەونەوە ، با لەسەرەوە بیگرین تاکو خوارەوە  بزانین برایانی ئاخر زەمان چ دەڵێن ،(ئایەتی خوا سیستانی) تا ئیستا لە ئاستی کورد دەمی بووەتە تەڵەی تەقیوو بە هیچ کلۆجێک بە چاکە باسی کورد ناکات ، ئەگەر جارێک مەرحەمەت بکات ئەوە بە خراپە باسی کورد دەکات ئەویش خۆی نا بەڵکو لە ڕێگەی گوتەبێژەکانی (ئاخر چۆن بێزی دێت خۆی وشەی کورد بێتە سەر زمانی) ، ئەوەبوو شەهرستانی    ( کە نوێنەری سیستانییە) فەرمووی کەرکووک زۆرینەی کورد نییە و ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ئەوجا بێینە سەر ئال الحکیم ، خۆی دەفەرموێ ڕۆحم وە قوروانی وێ ، فیدراڵی و میدراڵی کە کورد داوای ئەکەن ئێمە قەبووڵی ناکەین ، لەولاشەوە کوڕەکەی هەڵئەداتێ و ئەڵێت بە هیچ شێوەیەک ئێمە کەرکووک نادەینە کورد ، کەرکووک هی هەموو ئێراقییەکانە و ئەو عەرەبە چاکانەی کە ماڵ و حاڵی کوردیان لە کەرکوک داگیر کردووە هێز نییە دەریان بکات . فرتوفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی حەزرەتی برایم جەعفەریشمان لەبیر نەچێت کە لەهەر هەموویان خراپترە لە سوێنخواردنەکەوە بیگرە تا دەگاتە بەرنامەی حکومەتەکەی کە نە باسی فیدراڵی و نە کەرکووک و نە دەستووری کاتیی و نە مادەی **58** و نە کورد لە کوولەکەی تەڕیشا نەکرد ، ئەمە جگە کە ڕۆژانە برا عەرەبەکان بە هەزاران کەللە شەکر دەشکێنن بەرانبەر بە کورد ، کەچی سەرکردەکان زیاتر پێ لەسەر برایەتیی کوردو عەرەب دادەگرن ، ئێمە هاوار دەکەین و بەسەرکردەکان دەڵێین بابە ئەو برا عەرەبانەتان قەلەڕەشن و ئەوەتا بە شاباڵ دەفڕن ، کەچی ئەوان دەڵێن ئەوان قەلەڕەش نین و بزنن ، ئێ بە قوربان ئەوەتا ئەوانەی کە بە شان و باڵیاندا ڕۆژانە هەڵتاندەدا وا یەک لە دوای یەک دەفڕن و بەجێمان دەهێلن بە شیعەو سوننەوە ، ئەڵێن نەخێر عەرەب برامانن و بشفڕن هەر بزنن. ئاخری خێر بێت هەر ئەوەنەمان زانی بەری ئاسمان قەلەڕەش دەیگرێت و ئێمەش لەکەلی شەیتان نایەینە خوارەوە و هەر دەڵێین ئەوە بزنە..!!!!